کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-7-2007 20:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**د. بەرهەم و نەبەز گۆران، جیاوازی نێوانییان.. !!! هەڵۆ رانیەیی**

بەر لەهەر شتێك پێویستە باش بزانرێت خودی راپۆرتەکەی "هیومان رایتس ووچ" نیشانی داوە کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئینسانانەتر لەهاوپەیمانان مامەڵەی لەگەڵ بەندیەکان کردووە، ئەم برگەیەی راپۆرتەکە گەواهیدەری ئەو راستییەیە گەر پێشێلکارییەکیش هەبووبێت وەك ئەوەی لەهەر کوێیەکی دنیادا حاڵەتی ئاوا روو دەدەن، بەڵام توانیوێتی بەبەراورد لەگەڵ ئەزموونی نوێی خۆی هەنگاوی باش بنێت بەئاراستەی رێزگرتن لەمافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ. نمونەی ئەو حاڵەتەش بوونی نەتەوەی جیاو فرە ئایینی و ئایدیۆلۆژی و راگەیاندنێکی تا ئاستێك ئازادە کە راو رای جیاوازی تێدا دەخرێتە روو.. هەروەها دەرگا والاکردن بەرووی رێکخراوەکەدا لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان دەست نیشانی بەندیخانەیەکیان کردبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گوزارشتکردنە لەو راستییەی کە بەتایبەت لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەدا گۆرانی جدی و چاکسازی پێویست لە نێوەندەکانی گرتووخانەکاندا وەبەرهاتووە.. جا ئەگەر بریار وابێت لەم دنیا پر جەنجاڵ و تێکچرژاوەدا حوکمرانێتییەك بەدەر لەهەر پێشێلکارییەکی مافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ بێت حکومەتەکان و سیستمێك بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی خەڵکی لەدایك نەدەبوو. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە ناکرێت بەگەرانەوە بۆ رابردوو هەموو کارە جوانەکانیش کەبەرهەمی خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوان و هەوڵ و کۆششی خەباتگێرانی ئەو گەلەیە زەربی سفر کرێت. بۆیە بۆ کەسێکی وەك دکتۆر بەرهەم کە نا مەسئولانە و بێ لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو پێشوەچوونە سەختە ئامێزانەی لەهەرێمی کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە هاوشێوەی "نەبەز گۆران" و ئەمسالی ئەو خۆی بخزێنێتە بەرەی دژی دەسەلاتێك کە هەڵقولاوی گەل خۆیەتی.. !! چونکە دکتۆر بەرهەم گەر راستگۆ بوایە لەگەڵ گەلێکی ستەم دیدە دەبوایە لەگەڵ ئەوەی کە حاڵەتێکی نا ئینسانی و نا رەوای هەست پێ کردووە دەکرا لەماوەی سەرۆکایەتیکردنی ئیدارەی شاری سلێمانی، چاکتر وایە بڵێم "شارەوانی سلێمانی" کە تاوەکو ساڵی 2003 ی خایاند، لەکاتێکدا ئەو لەلایەن ئەو حزبەوە دارنرا بوو کە لە دەڤەرەکە دەسەلاتێکی رەهایان هەبووە و دەکرا دڵسۆزانە وەك ئەوەی ئێستا بە رێگەی سیاسەتی فێڵبازانەو بازبازێنی لە هەوڵی چاکسازی و ریفۆرمە، خۆ وەك ئەوەی لەراپۆرتەکەشدا هاتووە (6) لەو بەندیخانانەی کە گوایە مامەڵەی نارەوای تێدا لەگەڵ بەندیەکاندا کراوە سنووری دەسەلاتی جەنابی دکتۆر بووە و پاشماوەی سیاسەتی ئەو بووە، دەکرا رێگر بێت لەوەی پێشێلی مافەکان نەکرێت، چونکە وەك ئەوەی بەبریاری خۆی بازاری ئازادی شێواندبوو دەیتوانی دەزگای زانیاریش هەڵوەشێنێتەوە و ئەوکات لەوانە پارتیش وەکو چاو لێکەرییەك پاراستنی خۆی نەهێڵێت.. !! وەك ئەوەی بەزیادیان دەزانێت. ئەم دوو دەزگایە ئەگەرچی بەهۆی سیخوری کردن بەسەر یەکەوە کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ماوەی شەری نەگریسی ناوخۆ، بەلام لە واقیعدا ئەرکی هەر یەکێکیان وەك هەر دەزگایەکی دیکەی ولاتانی پێشکەوتوو نمونەی CIA لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەرکیان پاراستنیە لەهەر کارێك و پلانێك کە پشێوی و ئاشوب بخاتە ولاتەوە، کە بەراستیش ئەو رۆڵەیان بینیوە. بەڵام دەکرێت کاك بەرهەم پێمان بڵێت پلان و پێشنیاری جیاکردنەوەی کەرکوك و کردنی بەهەرێمێکی سەربەخۆ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟! بەراستی ئەم بیرۆکەیەی کە دواجار بوو بە جێگەی باس لەنێوەندی سیاسەتی عێراقی و هەرێمی و جیهانیدا خیانەت کردن نەبێت بەکورد و گەلەکەی چیدیکەی لێ دەخوێندرێتەوە؟! ئەگەر رخۆشکردن بۆ دزەکردنی تیرۆستان نەبێت نەهێشتنی دوو دەزگای هەواڵگری کە رۆڵکانی ئەو گەلە خۆیان لە پێناو ئاسایش و سەقامگیری بەرێوەی دەبەن چیدیکەی لێ دەخوێندرێتەوە؟! ئەگەر مەبەستی بەرهەم لەبەینبردنی مافە بەدیهاتووەکان نەبێت چی لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵدەگرێت؟! ئەگەر مەبەستی پەردەپۆشکردنی کارە نارەواو دزیکردن و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەندەڵیەکەی نەبێت وەك ئەوەی خۆی لەبەرانبەر بەرپرسان لە حکومەتی کوردی ناوی دەبات ێیدیکەیە؟! ئەگەر لەبری دزینی دەیان ملیار دۆلار و دەستبەردار نەبوونی لەوەی نەچێتە ژێرباری تەنازولکردن لەمەسەلەی نەوت و سامانە سروشتییەکان وەك دڵسۆزێك بۆ گەلەکەی و سەندنەوەی مافەکانی دەیتوانی قەرەبووی بەشداری نەکردنی ئەو ماوەیەی شۆڕش و قوربانیانەش بکاتەوە تاوەکو چیدی لەبەرانبەر گەلەکەی چاو شۆڕ نەبێ و قسەی زل و قەڵەو و گەورەتر لەخۆی دەرفرتێنێ.. !! بەڵام ناڕاستگۆیی و نا واقیع بینی "بەرهەم" زادەی پێکەوە هەڵکردنیەتی لەگەڵ هەندێك لەو وەزیرانەی حکومەتەکەی لەبەغدا، کە کاریان تیرۆر و رفاندن و سەربڕینە و بۆ سەلماندنیشی شەراکەتەکەیەتی بۆیە بێدەنگی لەئاست هەموو پێشێلکاری و بێ سەرو بەریی نواندووە.
هەموو ئەو نارستگۆییەی بەرهەم ئەو حەقیقەتەمان نیشان دەدات کە لەماوەی ململانێکرنی لەنێو یەکێتی و تەنگ پێ هەڵچنینیەتی کەوتووەتە ویزەی دەسەلاتێك ئەگەر کەمێك گەندەڵ و نا داد پەروەریش بێت ئەو فەزایەیان خولقاندووە خەڵکی ئارام و ئاسودە بن و ئەویش و نەبەز گۆرانیش هەر یەك بەشێوازێك دەستباری ناحەزان و دوژمنانی کورد بکەن. کەوتە جیاوازی دکتۆر بەرهەم و قەڵەمە خۆفرۆشەکان تەنها لەوەدا یەکناگرنەوە ئەویش شێوازی دەربڕینیانە.. !!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.